# هەڵەی ئەمریکا لە هەولێر ؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

هێرش بۆ سەر باڵەخانەیەکی بەشە ناوخۆیی قوتابیان بە بیانوی هەبوونی تیرۆریست لە یەکێك لە گەرەکە هەژارنشینەکانی شاری هەولێری پایتەخت لە لایەن چەند هەلیکۆپتەرێك بە شەوی تاریك و بەو شێوە  میلیتارو دیسپلینسازیە کاوبۆییەی سەربازانی لوتبەرزی ئەمریکی چ ماناو مەدلولێك هەڵئەگرێت ؟ ئایا تەنها هەڵەیەکی تەکنیکییەو راگوزەریانە بە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری ئەبێت باز بدەین بەسەریدا و لێی خۆش بین؟ یان رەهەندی سیاسی لە پشتەوەیەو گوزارشتی زۆر قوڵ و پر مانا هەڵئەگرێت و دەکرێت زیاد لە لیژنەیەکی بۆ دابنێین بۆ بەدواداچوون و زیاد لە لێکدانەوەیەکیشی بۆ بکەین تا بەراستی بزانین ئایا بەحەق کێ دوژمن و کێش دۆستی ئێمەی کوردە؟ دیارە ئەمریکیەکان و هێزی هاوپەیمانان لە کوردستاندا ئەمە یەکەمجاریان نیە بکەونە هەڵەی واوە ئەگەر گریمان هەڵەبێت ! وە دەبوو هیچ نەبێت پرسێك بە حکومەتی هەرێم بکرابا لە کردەوەیەکی لەم جۆرەو لۆجیکی تەکنەلۆژیاو بەهێزی هەواڵگری ئەمریکیش ئەم هەڵە قبوڵ ناکات، چونکە پێشترو لە سەروبەندی رزگارکردنی عێراقیشدا چەند جارێکی تریش لە بەرەی جەنگ و روبەروبونەوە سنوری ئێمەیان بەزاندو کوشتاریان بۆ دروست کردین وکەوتینە بەر رەحمەتی ئاگری تفەنگەکانی ئەوان و چەندین کەسیان لێ بریندارکردین کە دیارترینیان کەسایەتی دیاری عەسکەری پارتی کاك وەجی بارزانی برای بەرێز کاك مەسعود بارزانی بوو لە نێوان هەولێرو موسڵ و پاشتر ناویان لێنا هەڵەی تەکنیکی؟ ئاخر دەکرێت لێرەدا ئەو پرسیارە لۆژیکیە لە سوپای ئەمریکی بکەین هەڵەی تەکنیکی لە بەرانبەر ئەو تەکنەلۆژیا خاریق و زەبەلاحە سیحریە عەسکەریەی ئەواندا لە سەردەمی گلۆبالیزمدا چۆن ڕوو ئەدات؟ لە کاتێکدا ئەو هەمو رۆکێت و ساروخانەیان لە دەریای سوورەوە گرتە شاخەکانی هەورامان و خورماڵ وئەحمەدئاوا و بە ئاستەمیش ساروخێك سەری نەکرد و سەرجەم ئامانج و نیشانەکانی خۆی پێکا بێئەوەی هەڵەیەك بکات ئێستا چما لەبەختی کورد ئەم هەڵانە ئەکرێت ئەگەر ماناو مەغزای تایبەتی لە پشتەوە نەبێت ؟ هێرشی شەوی 5/4 ی ئەم مانگە چەند شەوێك پاش ئاهەنگەکانی کریسمس بۆ سەر کۆمەڵێك قوتابی کورد بە بیانوی جۆراو جۆر بەشێوەیەکی عەسکەرتاری ونادروست بێئاگاداری دەزگا هەواڵگری و پۆلیسی و ئەمنیەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێم جگە لەوەی ئەخلاقییەن نەئەبوو رووبدات هەمانکات هاوپەیمانێتی کوردو ئەمریکا ئەخاتە بەر نەشتەری گومانێکی سەیرو دیدی فریشتەییانەی کوردیش بەرانبەر مارێنزو سەربازی ئەمریکی ئەگۆرێت بە دیدێکی شەیتانی و لە کائینێکی رزگارکەرەوە ئەیانکاتە کائینێکی جەللادو تۆقێنەر، ئێمەی کورد راستە سوپاسگوزاربوین بەرانبەر ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەمریکی بۆ روخاندنی رژێمێکی بۆگەن لەگەڵ تێبینیمان بۆ حساباتە بەرژەوەندخوازیەکانی حەزی مۆنۆپۆڵگەری ئەمریکیانەو بە ئەمرەکەکردنی جیهان، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بێدەنگ بین بەرانبەر ئەو هەموو لاری و چەوتیانەی دەسەڵاتی هاوپەیمانان و هێزی فرە رەگەز کە زۆرجار خانە حەرامکراوەکانیان بەزاندوە، کورد پاش دەسەڵاتی بەعسیزم وای زانی ئیدی فرۆکەکان لە فرۆکەی مەرگچێن و ترسهاوەرەوە ئەگۆردرێن بە فرۆکەی گەشت و سەفەرکردن نەمانزانی بەردەوام فرۆکە وەك کابوسێك وایە بەسەر جەستەی هیلاکی تاکی کوردیەوە و لە سەردەمی ئازادیشدا هەر ئەمێنن، ئایا ئەم کردەوەیە بۆ ئەوەبوو تا چێژ لەو وێسگە گرنگەی ژیانی ئارامی سیاسیمان وەرنەگرین کاتێ حاجیانی ماڵی خوا لە دەرفەتێکی مێژوویدا بە فرۆکەی مەدەنی و لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی و لە خاکی خۆمانەوە گەشتیان ئەنجامدا بۆ دەرەوەی کوردستان ؟ دیارە ئەبێت ئیدی دەسەڵاتی کوردی بزانێت لە چ پێگەیەکدایەو حساب بۆ گوتاری سیاسی خۆی بکات و بزانێت ئیدی هەرێمی کوردستان خاوەن سەروەری و سومبولی دەوڵەتیانەی خۆیەتی و ئەبێت سنوری پارێزراو بێت و رێگە نەدرێت کەس بە ئارەزوی خۆی دەستی تێ وەربدا و سنورشکێنی بکات، ئەم پرسی حسابنەکردنەی هێزی هاوپەیمانان بۆ کورد ئەگەرچی مێژوەکەی ئەگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان CPA بە تایبەتی لە کەرکوك بەرانبەر ئیرادەو هەستی شۆرشگێریانەی تاکی کوردی لەو شارەدا کە نەیانهێشت کورد وەکو پێویست و وەکو نەتەوەیەکی رەسەن لەو شارەدا دەستەبەری ماف و ئازادیەکانی خۆی بکات و بە چەندین شێوەو لە لایەن چەندین بەرپرسەوە سوکایەتی و بێرێزی گەورە بەرانبەر کورد ئەبینرا وەك گوێلێنەگرتن و گرنگی پێنەدان و دەسەڵاتی کوردیش بەداخەوە خەمساردبوە بەرانبەر ئەو رەفتارانە، دیارە ئەمەش دەرەنجامی نەبونی ستراتیجی سەرکردایەتی سیاسی کوردی بوو بەرانبەر بە هێزە بیانیەکان و ئەو گوڵباران و بەڵێ زۆرانەی سەرکردە کوردەکان کە بۆ ئەمریکیەکان هەیانبوو، بە جۆرێك کاتێك ئەمریکیەك ئەبینرا وەکو سەرۆك بۆش رێزی لێئەگیراو رەسمی یادگاری لە گەڵ ئەگیراو دەعوەت و پێشوازی شاهانەی بۆ ئەکراو ئەم دۆخەش پاش بەرێکردنی زنجیرەیەك هەڵەو گوێپێنەدان و رەخنە نەکردنێك گوزەری کرد تا ئەو کاتەی مارێنزەکان بە جلی سەربازییەوە حەرەمی زانکۆکانیان بۆ والآکرا و بێپرس ئەچونە ژورەوەو لەگەڵ کچان و کورانی ئێمەدا بە کەماڵی ئیسراحەت لە کافیتریاکاندا مەستانە سەعاتەکانی تەمەنیان ئەگوزەراند بە رابواردن و لە باشوری عێراق و فەلوجەو ناوچەی سێگۆشەی سونیش بە گوللەوئاگر وەڵامیان ئەدانەوە ! بۆیە لێرەوە ئەبێت کورد بە ئەجێندای نەگۆرو نوسراوەوە هاوپەیمانێتی و دۆستایەتیەکانی رێك بخاتەوە و چیتر باوەر بە گوتاری شەفەهی و عاتیفی نەهێنێت و ئەوەندەش خۆمان بە کەم نەزانین بەرانبەر بە هێزی بێگانەوئەو رۆحی خۆ بچوککردنەوەیەش لە ناخماندا بکوژین چونکە بەداخەوە تائێستاش نێوانی کوردو

ئەمریکا ئەوەندەی سۆزو خەیاڵدانی عاتیفیە ئەوەندە ستراتیج وبەرژەوەندی نەتەوەیی نیە کە دەبێت ئەم پرسە بۆ لەمەودوا کاری لە سەر بکەین تا هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ و خاوەن سیادەی نیشتیمانی پارێزراو بێت و سەنگی نێودەوڵەتیانەی خۆی پێ بدرێ و ئەمنی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی ونەتەوەیی پارێزراوبێت، چونکە ئەوەی رویداو رەنگە جارێکی تریش رووبداتەوە نەهەڵەی تەکنیکی عەسکەری و نەگەران بەشوێن تیرۆریستان بوو، وەك دیاربوو هیچیان چنگ نەکەوت بگرە بێرێزیکردنێکی تەواو بوو بەرانبەر دام و دەزگاکانی ئاسایشی خۆمان و لەکەدارکردنی ئاسایشی نەتەوەیمان و رەنگە بەداوای لێبوردنێکیش لە کوردو هەولێریەکان پارسەنگی نەدرێتەوە ئەوەندەی دەبێت ئەم موعادەلە ئالۆزەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی و هاوپەیمانی و نەیاربوون یەکلابکرێنەوە تا بەراستی سومبولی هەرێمیانەی حکومەتەکەمان لە عێراقدا بپارێزین بە نوسراوی رەسمی نەك بە قسەو موجامەلە.